## تاوانی ژن کووشتن بە پێی بڕگە یاسای (406) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ....




**ڕاگەیاندنی وەزارەت:**

ئەمڕۆ 2009/3/12 لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت بەڕێز د.شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە کریس باوەڕس نوێنەری قونسڵی بەریتانی لە هەولێر کرد.

وێڕای بەخێر هاتنی وەفدی میوان ..وەزیری مافی مرۆڤ بە بایەخەوە پەیوەندیە بەردەوامەکانی وەزارەت و قونسوڵیەی بەریتانی وەسفکرد و ڕاشیگەیاند لە میانی بوونی

ئەم پەیوەندیە توندو تۆڵە توانراوە پرۆژەی هاوبەش لە نێوانی هەردوو لادا بێتە ئاراوە بۆ بەرەو پێشەوە چوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ بە هەموو بوارەکانیەوە .....جارێکی تریش دووپاتی کردەوە کە وەزارەت لە کارکردن لەسەر ئەم ڕەوشە لەبەرنامەکانی خۆی بەردەوامەو بە تایبەت لە بواری توندو تیژی دژی ژنان ومندالآن و ڕەوشی بەندیخانەکان و سکالآی هاولآتیان و بەدوا داچوون و لێکۆڵینەوەی بەردەوام بۆ هاتنە پێشەوەی هەر پێشێلکاریەك کە بێتە ئاراوە و ئامازەشی بە وەدا کە بەدوا داچوونی جدیانە کراوە لەسەر دیاردەی ئەشکەنجەدان ...لەلایەکی تری ئەم دیدارە داو هەر لە بارەی ئامادە باشی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی توندو تیژی ...د.شوان محمد عزیز ئامازەی بەوە دا کە لە کاتی ئەنجام دانی تاوانی ژن کووشتن تاوانبار برگە یاسایی (406) ی لە یاسای سزادانی عێڕاقی کە بریتیە لە کووشتنی بە ئەنقەست بەسەردا دەسەپێنرێت.

لەم ڕوانگەیەشەوە ئیعلانی ئەوەی کرد کە ئەم ساڵ بە ساڵی سەروەری یاساو پاراستنی مافی مندالآن ناوزەد کراوە ,هەر لەم کۆبوونەوەیەدا کە بەڕێز عبداللە عبدالکریم بەڕێوەبەری گشتی دیوان و شون مکۆلم فەرمانبەر لە بەشی سیاسی  بالیۆزخانەی بەڕیتانی لە بەغدا ئامادەی بوون دووبارە جەخت لەسەر پەیوەندیە دوو قۆڵیەکانی نێوان وەزارەت و قونسوڵیەی بەڕیتانی کرایەوە و گفتو گۆش دەربارەی ڕەوشی ماف مرۆڤ بە گشتی و ئەو ئامارانەش خرانە ڕو کە لە مەڕ توندو تیژی دژی ژنان ئامادە کرا بوو و وەزیری ماف مرۆڤ ئەوەشی خستە ڕوو کە زیاد بوونی سکالآکردن لە لایەن هاولآتیانەوە سەبارەت بە توندو تیژی مانای ئەوە نییە کە ئەم دیاردەیە زیادی کردووە ,بە پێچەوانەوە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە بەدوا داچوون هەیە بۆ هۆکارەکانی ئەم ڕەوشە ترسناکە.

Kurdistan Region
Council of Ministers
Ministry of Human Rights
General Directorate
Media Directory

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران
وەزارەتی مافی مرۆڤ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن

ژمارە :
ڕێکەوت : / /

وەفدی مێوانیش لەلایەنی خۆیانەوە پشتگیری قونسولێەی بەڕیتانیایان دووپات کردەوە بۆ ئەم مەسەلانە و جارێکی تریش داوایان لە دادوەران کردەوە تاقیگەی پزیشکی داد کە لەلایەن قونسولێەی بەڕیتانیاوە دامەزراوە بەکار بهێنن بۆ دەست نیشان کردنی چۆنیەتی ڕوودانی تاوانەکان .

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند هەردوولا بڕیارپیان دا بەدوا داچوون بۆ ئەم پرۆژانە بکرێ کە وەزارەت و حکومەتی بەڕیتانی کاریان لەسەر کردووە ,نوێنەری قونسولی بەڕیتانی لەم ڕووە وە ڕایگەیاند کە ئەوان بەردەوام دەبن لەم پەیوەندی و هاوکاری کردنە بۆ بەرەو پێش چوونی ڕەوشی ماف مرۆڤ و کەم کردنەوەی توندو تیژی لە هەرێمەکەدا.